## تاکەی بێدەنگی بەرانبەر ڕووداوەکان

دکتۆر کەریم تۆفیق



دوای روخانی رژێمی‌دیکتاتۆری سەددام حێسن عێراق کەوتە ژێردەسەلاتی
ئەمەریکا وهاوپەیمانان. بۆ ئەم‌مەبەستەش دەزگایهە کی بالا بەناوی دەسەلاتی‌کاتی
هاوپەیمانان سی پی ئەی دامەزرا. سی‌پی‌ئەی لەماوەی‌دەسەلاتی‌خۆی لەبەرێوەبردنی
کاروباری عێراق‌و دامەزراندنەوەی وەزارەت ودەزگا حوکومەتیەکان
رۆلێکی گرنگ‌و بەرچاوی هەبوو.

لەماوەی پانزدە مانگی دەسەلاتی بەرێوەبردن وکارکردنیان لەعێراق‌وکوردستانیش
سی‌پی‌ئەی‌هیچ‌هەنگاوێکی پراکتیکی‌و کارەکی بەرچاوی ئەنجامنەدا
کە ببێتە هۆی رێخۆشکاری لە بەردەم‌چارەسەری کێشەی‌رەوای‌کوردستان.
نەک‌هەرئەوەش‌بەلکو هەندێک جار کۆسپ و ئاستەنگیان
لە بەردەم چارەسەرکردنی هەندێک‌کێشەی چارەنوسساز وەک
کێشەی‌کەرکوک دروستدەکرد.

لەبەردەم میدیاکانی‌کوردستان و نێودەولەتی لە چارەسەرکردنی
کێشەی پاکتاوی نەژادی سی‌پی‌ئەی بەڵێنی هاوکاری و کارئاسانی
بە سەرکردایەتی کوردو گەلی کوردوستان‌دەدا، بەڵام ئەمانە هیچی
جێبەجێ‌نەکران وبە کردەوە ئەنجامنە دران.

لە هەردووکۆنفەرەنسی مانگی دێسەمبەر ی ٢٠٠٣ و مانگی‌گوڵانی ٢٠٠٤
لەگەڵ ئامادەبوونی نوێنەرانی حوکومەتی هەرێمی کوردوستان و

**هەندێک ڕێکخراوی یێلایەن ن گ ۆ نوێنەرانی حوکومەتی عێراقیش**
**زانیاری لەسەر ڕەوشی ئاوارەکان و هەلومەرجی گەڕانەوەیان**
**تاوتوێکرا و بەڵێنی هاوکاریکردن و ئاسانکاری گەڕانەوەیان پێدرا،**
**بەڵام بەداخەوە ئەمانە هەمووی قسەی سەرزاربوون و نووسینی**
**سەرکاخەز.**

**لێرەدا دەمەوێ بلێم کە ئێمەی کورد ئاشتیخوازانەو لەچوارچێوەی**
**یاسا و قانووندا دەمانەوێ دۆزی ڕەوای کوردوستان حەلکەین و**
**کوردوستانیبوونی کەرکووکیش، کە ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگرە و**
**مێژوو و جوگرافیای کوردوستانیە و حوکومەتی عێراق و سەرۆکە**
**کانی عەرەب و هاوپەیمانانیش بەتایبەتی ئەمەریکا و ئینگلیز**
**دەیزانن، بۆ هەموویان بسەلمێنین. بەڵام بەداخەوە بەرانبەرەکانمان**
**بەتایبەتی دەسەڵاتداران و بەرپرسە عەرەبەکانی برامان!!! لە عێراقی**
**نوێ تەنیا درێژە بەم کێشەیە دەدەن و هەتا ئێستا هیچ هەنگاوەکی**
**دیارو هیچ کارێکی بەرچاونەکراوە کە نیشانەی نیازپاکی و ڕاستگۆیی**
**بەڵێنەکانیان بێت. بەپێچەوانەی ئێمەی کورد کە زۆر بەدلسۆزی و**
**بە دلسافی هەموو توانایەکی مێشکی و فیزیکی خۆمان بۆ دروستکردنی**
**عێراقێکی یەکگرتوو و سەروەریدار خستوەتەکار.**

**ئەوان نەک هەر هەنگاوی دیار و کاری بەرچاویان نیە، بەڵکو دەیانەوێ**
**بەبیانووی گەڕانەوەی سەروەری بۆ عێراق هەندێ هەنگاوی چالاک و کاری وا**
**بکەن کەلەڕاستیدا دوو هەنگاو لە پێش جێبەجێکردنی خواستەکانی سەرکردایەتی**
**کورد و گەلی کوردوستانە لەبەعێراقیکردنی پارچەیەکی گرنگ و زیندووی کوردوستان**
**بەکەرکوکی پایتەخت و دلی کوردوستانیشەوە. هێشتنەوەی ئەوپارچەیە بە هەلاوێستی**
**هەرلەسەرەتادا بۆ ئەوە بووە کە ئەوان کاتیان هەبێت و بتوانن بە هێمنی و**
**بەبەرنامە گرەوی عێراقیبوونی ئەوناوچانە بەتایبەتی شاری کەرکوک ببەنەوە.**

**هەولی رژد و خورتی حوکومەتی عێراق بۆ ئەنجامدانی سەرژمێری و هەلبژاردن**
**لە بارودۆخەکی گرژو ناهەمواری هەنووکەی عێراق بەتایبەتی بەغدای پایتەخت**
**چوار شت دەسەلمێنن:**

**١. حوکومەتی عێراق کردەوەکانی پاکتاوی نەژادی رژێمی دیکتاتۆری پێشوو**
**بەهەلاویستی دەهێلێتەوە، بەمەش بەردەوامی ئەوکردەوانە دەسەلمێنێت و**
**درێژەیان پێدەدات.**

**٢. جۆرە فەرمیبوونێک و شەرئییەتێکی ناراستەوخۆ بەمانەوەی عەرەبەکانی هاوردە ونیشتەجێکراوانی ناوچەو دەڤەرە تەعریب و تەرحیلکراوەکانی کوردستان دەدات.**

**٣. هەولێکە بۆ گەراندنەوەی ئەو ناوچانە بەتایبەتی شاری کەرکوک بۆ سەر عێراق بەشێوەیەکی یاسایی و دەستووری**

**٤. ئەگەر زۆرینە دەرکەوتن عەرەب کە هەنوکە مەترسی ئەوەهەیە ئەوکات بە شاهێدی چاودێران و سەرپەرشتکارانی نێودەولەتی بەنوێنەرایەتی یو ئێن کەرکوک مۆرکی عەرەبی پێوەدەبێت و بەئاسانی لە دەنگدانی گشتیدا دەچێتەوە سەر عێراق**

**بەپێی ماددەی پەنجاوهەشتەی دەستووری کاتی بەرێوەبردنی عێراق دەبوایە راگوێزراو و دەرکراوەکان بەزووترین کات بگەرابانەوە سەر زێد و خاکی خۆیان و عەرەبە هاوردەکانیش بچووبانەوە سەر زێد و خاکی خۆیان و ئاسەواری ئەو زولم و زۆرداریە بسرێتەوە کە ٣٥ سال رژێمی دیکتاتۆری پراکتیزەیکردوە لە کوردوستان.**

**بەرای من ئەرکی سەرکردایەتی کورد ئەوەیە کەپێش بەرێوەبردن و ئەنجامدانی سەرژمێری و هەلبژاردن، پێداگری لەسەر جێبەجێکردنی ئەو یاسا و بەند و برگانەی کە لە دەستووری کاتی عێراق لە ٨ ی مارسی ٢٠٠٤ ئیمزاکراوە لەسەر کێشەی پاکتاوی نەژادی لەکوردوستان بەگشتیو شاری کەرکوک بەتایبەتی کە لە ماددەیپەنجاوهەشتدا بە روونی و بەهوردی باسکراوە.**

**بۆ وەبیرهێنانەوەش ئەم دەستوورە لەلایەن دەسەلاتداران و بەرپرسانی عێراق بە سەرۆک کۆماری عێراق یاوەر ئەلعەجیل و سەرۆک وەزیران ئەیاد ئەللاویشەوە ئیمزاکراوە.**

**ئێستاش سەرکردایەتی کورد پێش ئەوەیپلانو هەنگاوەکانی حوکومەتی عێراق بۆ سەرژمێری و دامەزراندنی ئەنجوومەنی نیشتیمانی عێراق، کە بێگومان ئەنجامەکەی لە بەرژەوەندی وخزمەتی ناسیونالیستی عەرەبدایە، جێبەجێبکرێت پێویستە مۆلەتێکی دیاریکراو تا پێش رۆژی ئەنجامدانی سەرژمێری بۆ حوکومەتی عێراق دیاریبکات کە لەو ماوەیەدا ئەو یاساو بریارانە ی سەبارەت بە کێشەی پاکتاوی نەژادی لە کوردستان کە لە دەستووری کاتی عێراقدا هاتوون و لە سەرەوەش ئاماژەیان پێکراوە بە یەکجاری جێبەجێبکرێت. ئەگەرنا بەشداری ئەنجامدانی سەرژمێری و دامەزراندنی ئەنجوومەنی عێراق نەکەین و پشتیوانی ئەو سەروەریەی عێراق نەکەین کە سەروەری کوردوستان پێشێلدەکات.**

**بەوهیوایەین کە پەرلەمانی کوردوستان رۆلی میژوویی خۆی لەم قۆناخە ناسکەدا ببینێت و بریارێکی وا دەربکات. دلنیاشم کەجەماوەری کوردوستان هەمووی لەپشت ئەم بریارەیە و بۆ جێبەجێکردنیشی لە هیچ خەبات و تێکۆشانێک درێخی ناکات.**

Drkarim87@hotmail.com

2004-08-09